www.kurdistannet.org
26-1-2006 22:37 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەمدیسان زمان. . !! ئەنوەر محەمەد حەحمەد

لێمەخابن، چەند جار لەسەر ئەم بابەتە و کێشەکانی، وتارم نووسیووە. چڕ و پڕ ترینیان ـ کە بەداخەوە ناچارم لێرەکانەدا، جارێکی دیش ئاماژەی پێبکەمەوە ـ وتاری (چەوتنووس، گێژەنووس یان ڕێنووس؟!) ە. خۆشبەختانە بڕێک لە بنووسان و نووسەران سوودیان لێبینیووە!. خۆ بانگەوازەکان هەر هەموویان، لە دڵسۆزی و خەمخۆرین بۆ ناتەبایی و کەمایەسییەکانی زمانەکەمان، کە هێشتاکەیش پێوەی دەناڵێنین! دڵسۆزی و خەمخۆری لە زمان هێندە بە گرنگ گیراوە و دەگیرێت، کە گەلانی ئەورووپیش لەسەردەمی خۆیاندا باسیان لە کێشەکان و ڕێگای چارەسەر کردووە و هەر بەردەوامیشە. بەڵام کەسێک وەک ئێمەی کورد، خراپتری لێبەسەر نەهاتووە. بۆیە من کەسانی (بنووسان) لە (نووسەران) بە زۆرتر دەزانم. لە دەستپێکی سێ بەشی گەورەی (مێژووی وێژەی ئەڵمان، لاپەڕەی 14 دا) نووسراوە: (زمان نەتەوە پێکدێنێت. زمان بوون و ژیانی نەتەوەیە کە بە بێ ئەو، نەتەوە مردووە. ) بەڵێ، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێزەدا، ئێمەی نەتەوەی کورد خۆمان لە کوێدا دەبینینەوە؟!! بێشک لای هەمووان ئاشکرایە، بۆیە زیادە نووسین بە پێویست نازانم. ئەڵمانەکان دەبێژن: خۆشەویستی کوێرانە. واتە کە تۆ ـ بۆ نموونە ـ منداڵەکەی خۆتت زۆر خۆشدەوێت، ئەوە ڕەوا و ڕاستە. بەڵام دەبێت لە پەروەردەکردن و نەش و نما، گەورەکردن و ڕاژە و فەراهەم کردنی پێویستییەکانیدا، هۆشیارانە و زانستیانە مامەڵە بکەیت. هاوکار و هاوڕێی بیت. دەبێت ڕەخنەشی لێبگریت، گلەیی و گازندەی لە کن ـ لەدەست! ـ بکەیت. ـ بە کورتی؛ کۆمەڵگای گەورانی نهاکە، لێپرسراون لە کۆمەڵگای گچکانی ئەمڕۆ و بەڵام گەورانی داهاتوو. بەڵێ؛ نووسین لە بابەتی زمان و ڕێنووس و کێشە و کەم و کورتییەکان، هەر زۆر پێویستە. بەڵام گەلۆ!، ئەوەی کە لە دڵسۆزییەوە دەخوازێت بانگەواز و پێشنیار بخاتە بەر چاوان، دەبێت لە پێشدا زمان و نووسین و ڕێنووسەکەی خۆی، پارا و پاقژ و چڕ و پڕ بکات. دەنا چی نوێمان فێر دەکات؟!! من ئەم وتارە تەنیا بۆ نموونە دێنمەوە، نەک لەبەر ئەوەی بە تایبەتی خۆم بۆ ئەو بەڕێزە نابێتە بۆسەوە! زۆر بەڕێز و ئازیز کاکە (ئەحمەد دەشتی) ـ کە هیوادارم بە دڵێکی فراوانەوە ئەم سەرنجە دڵسۆزانەیەم وەربگرێت ـ وتارێکی لە (کوردستان نێت) دا، لەژێر سەردێڕی (زمان و ڕێنووسی ئەستانداری کوردی) بڵاو کردۆتەوە. ئەویش لە خەمخۆری و دڵسۆزییەوەیە، کە دەستخۆش و ئاوەزە خۆشیشی لێدەکەم. بەڵام بەڕێزان ئەگەر بانگەوازێکی وەها گرنگ بەخۆتدا ڕەوا دەبینیت، دەبوایە ئە و کەم و کورتی و هەڵانە ڕوویان نەدابایە؛

1 ـ پەرەگرافێکی 20 ـ 30 دێڕی بێ کۆما ـ وێرگول! ـ و خاڵی کۆتایی ـ پنتۆک ـ دێنێتە خوارەوە. کە هەناسە سووار دەبێت و بێزاری دروست دەکات. ئەمە دەردی گەلێک لە بنووسەکانە!

2 ـ هەر ئەو پەرەگرافە زل و زەبالاحە بە (و) ی پەیوەست دێتە خوارەوە. زۆر جاریش ڕستەکە بە کۆما کۆتایی پێدێت!

3 ـ جارێک نووسین و هەمووی، بە دوو (وو) ا و جارێکیش بە یەک. بە پێێ حەوسەڵە و تاقەت!

4 ـ دەنووسیت: (پەرە بەو زمانە ئەستانداردەکەمان) دەبێت بنووسیت: (پەرە بەو زمانە ـ ئە! ـ ستاندارەمان) . (پاراوەتر) ناو (پاراوتر) . (جێ بە جێ) ناو (جێبەجێ) . (نەزیک) ناو

(نێزیک ـ نزیک!) . (دانی پی بندرێتو) ناو (دانی پێدا بنرێت و. . ) . (ئەم زامنە شیرینە) ناو (ئەم زمانە شیرینە) . (بە چاپ بگەیین) ناو (بە چاپ بگەیەنن) . ئەوجا (لێ دان و پێ دان و تێک دان. . ) ناو بەڵکوم (لێدان، پێدان، تێکدان و. . ) دەبێت ئاگاداری وشە ئاوێتە و لێکدراوەکان بین، کە زۆر زۆرن.
لێ؛ هەڵەی چاپیش هەن و لە وشەی (تخوب) یش تێنەگەیشتم.
لە کۆتاییدا؛ دەمەوێت بێژم؛ هەموو گۆشت خۆرین، بەڵام ناکرێت هەموو ببینە قەساب! واتە با (نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب) جێبێڵێن. گەلێکیش لە بنووسان، هێندەیان پەلەیە لە بڵاوکردنەوە، ئەرکی چەند جار پێداچوونەوەی نووسینەکانیان، بەلاوە پێویست نییە!. دەنا هێژایان:

ئەوەی نرخی زمانی گەل نەزانێ
شایانی ووردەنانیش نییە با بیزانێ
ئا لەم نیشتمانە دایکە زەویەشدا
شایانی گۆڕستانیش نییە، با بیزانێ*

(*) هەڵبەستەوانی ئەڵمانی (هانس هایماتلینگن 1863 ـ1933. بەرگی 2 ی مێژووی وێژەی ئەڵمان)